# سیمینارێکی هونەری و ئەکادیمی

## (کۆڕی گۆڤاری ڕامان لە ساڵی ٢٠٠٥)

د. فازڵ جاف

لە ڕیزبەندی ئەو کۆڕ و سیمینارانەی دەربارەی شانۆ و ڕەوتی ژیانی هونەریم بۆم سازکراون، یەکێکیان کۆڕە هونەرییەکەی (ڕامان)ـە، کە لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ کوردستان، ساڵی ٢٠٠٥، گۆڤاری ڕامان لە ئوتێلی چوارچرای شاری هەولێر بۆی سازکردم، ئەم کۆڕە بەلامەوە ڕووداوێکی هونەری و ئەکادیمییە.

ئەمساڵ کە بیست ساڵ بە سەر سازدانی ئەو کۆڕەدا تێدەپەڕێت، دەمەوێ لەم نووسینەدا، بە کورتی باسی چەند خاڵێکی گرنگی ئەو کۆڕە بکەم، چونکە کۆڕەکە لە ناو هەموو ئەو کۆڕانەدا، کە بە درێژایی ئەم بیست ساڵەی دواییدا بۆم سازکراون، لەلام پێگەیەکی تایبەت و بایەخی خۆی هەیە، کە لێرەدا دەمەوێ باسی لێوە بکەم.

بایەخەکەی لەوەدا بوو، کە یەکەم جار بوو، پاش گەڕانەوەم لە تاراوگەوە بۆ کوردستان، کۆڕێکی هونەری ئاوا تێروتەسەلم بۆ ساز بکرێت، تێیدا باس لە چارەکە سەدەیەکی ئەزموونی شانۆیی خۆم بکەم، ئەمە نەک تەنیا بۆ شانۆکاران و ئامادەبووانی کۆڕەکە باش بوو، بگرە بۆ خودی خۆشم بێئەندازە گرنگ بوو، چونکە بەر لەو کۆڕە، لە زۆربەی کۆڕ و سیمینارەکانمدا، چ بە کوردی و چ بە عەرەبی، تەنیا باسی چەمکەکانی شانۆ و ڕێباز و میتۆدەکانی نواندن و دەرهێنانی شانۆیی و تیۆر و قوتابخانەکانی نمایشم دەکرد، لەو کۆڕانەدا باسم لە بوارە کردەیییەکانی نمایش، لە ڕووی هونەری دەرهێنان و جووڵەی ئەکتەر و زمانی جەستە و ئاماژە دەکرد، بەڵام لە کۆڕەکەی گۆڤاری (ڕامان)دا بۆ یەکەم جار دەرفەتم بۆ ڕەخسا بە وردی باسی ئەزموونی هونەریی خۆم بکەم. دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێم کە پێشنازەکە، پێشنیازی ئەوەی کەوا باشترە کۆڕەکە دەربارەی ئەزموونی هونەریی خۆم بێت، بیرۆکە و پێشنیازی هاوڕێی هێژام ئازاد عەبدولواحید بوو، کاک ئازاد گوتی: دەمێکە لە کوردستان دووریت، گرنگە باسی ئەو قۆناغە بکەیت کە لە هەندەراندا، وەک ڕێژیسۆر کارت کردووە، هاوکات وەک توێژەریش

خوێندنی ئەکادیمیت، تاکوو پلەی دوکتۆرات لە زانکۆکانی ستۆکهۆڵم و لەندەن و پیتەربورگ بەدەست هێناوە.

پێشنیازەکەی کاک ئازادم لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکار ڕەوانشاد جیهاد دڵپاک باس کرد، ئەویش زۆری پێ پەسەند بوو. گوتی: گرنگە لە کۆڕەکەدا باس لە ژیانی هونەری خۆت بکەیت، بۆ ئەوەی شانۆکاران باشتر ئاشنای ئەزموون و کارەکانت بن. دڵپاک پێشنیازی ئەوەی کرد، کە پێویستە جەخت لەسەر چەند تەوەرێکی جیاواز بکەمەوە، لە هەموویان گرنگتر بە بۆچوونی ئەو، پرسیارێک بوو: بۆچی شانۆکارانمان لە ئەوروپا، زۆربەیان ناخوێنن، یان ناتوانن خوێندن تەواو بکەن؟ یان بۆچی ڕوو لە خوێندنی ئەکادیمی ناکەن؟ لە کاتێکدا تۆ بۆ ئێمە نموونەیەکی پۆزەتیڤی ئەم بوارەیت! پاشان ئەم قسانەی (جیهاد دڵپاک)م بۆ کاک ئازاد باس کرد، باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەویش وەک ئێوە، پێی وایە باشترە ناوەڕۆکی کۆڕەکە هەر دەربارەی ئەزموونی خۆم بێت، کاک ئازاد گوتی کەواتە با هەر کاک جیهاد خۆی کۆڕەکە بەڕێوە بەرێت.

سەرەتا جیهاد دڵپاک چەند بابەتێکی لە شێوەی پرسیار ورووژاند، کە لە تەوەرەکانی کۆڕەکەدا نەبوون، ئەمەش ناوەڕۆکی سیمینارەکەی دەوڵەمەندتر کرد، پرسیارەکانی دڵپاک ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کارەکانی ساڵانی حەفتاکانی تیپی نواندنی سلێمانییەوە هەبوو، واتە ئەو نمایشانەی کە پێش قۆناغی تاراوگە لە شاری سلێمانی پێشکەشم کردبوون. دڵپاک زۆری بەلاوە مەبەست بوو جەخت لەسەر نمایشی (پردی ئارتا) بکەمەوە، پردی ئارتا وەک نمایشێکی جیاهەڵکەوتووی حەفتاکان، کە خۆی تێیدا ئەکتەری سەرەکی بوو، وەک خۆی لە چەند بۆنە و دیدارێکی میدیاییدا ئاماژەی بۆ کردووە، بەتایبەتیش لە دوا دیداری تەلەڤزیۆنی پێش کۆچی دواییەکەی، ئاماژەی بەوە کرد، پردی ئارتا باشترین نمایش بووە کە بەشداری تێدا کردووە، ڕۆڵەکەشی لە پردی ئارتادا، وەک سەرۆکی وەستایان باشترین ڕۆڵ بووە کە لە شانۆدا نمایشی کردووە.

وەک گوتم، کۆڕی ڕامان بۆ من بایەخێکی تایبەتی هەیە، یەکەم جار بوو بەو شێوەیە باس لە ئەزموونی خۆم بکەم، بۆیە هەر لە سەرەتاوە نەمدەویست باسەکەم ڕاگوزەرانە و سەرپێی و بێ نەخشە و پلان بێ، دەشمزانی هەر کەسێک باسی ئەزموونی خۆی بکات، ئەگەری ئەوە هەیە باسەکەی بێ پلان و سەرپێیانە بێت. بەشبەحاڵی خۆم ئەم دیاردەیەم لەلای زۆر کەس بەدی کردووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بیرم لەوە دەکردەوە، خۆم تووشی داوی بێ سەروبەری و قسەی سەرپێی نەکەم، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، گەیشتمە ئەو بڕوایەی، دەبێت ئەزموونی خۆم لە چوار تەوەردا دابڕێژم، دواتر هەر واشم کرد.

پاش چەند ساڵێک ئەم پلانەم لە کۆڕێکی نێونەتەوەیی گرنگدا دووبارە کردەوە، ئەوەبوو دیسانەوە ئەزموونی خۆم لەگەڵ نمایشکردنی چەند ڕاهێنانێک، لە چوارچێوەی سیمپۆزیۆمی شانۆی عەرەبی لە (عەمان)ی پایتەختی وڵاتی ئوردوندا باس کرد. بۆ ئەوە سیمپۆزیۆمە کە (الهيئة العربية) ڕێکی خستبوو، پێنج دەرهێنەریان لە میسر و توونس و ئوردون هەڵبژاردبوو، کە هەر یەکەیان خاوەنی ئەزموونی تایبەت و جیاهەڵکەوتوون، خۆشبەختانە من یەکێک بووم لەو دەرهێنەرانە. لەو سیمپۆزیۆمەدا گەڕامەوە سەر هەمان پلان، کە لە کۆڕەکەی

(ڕامان)دا پیادەم کردبوو، واتە کۆڕەکەی ڕامان بۆم بوو بە بناغەیەکی پتەو، پاشتر زۆر بە تێروتەسەلی تێیدا قووڵ بوومەوە.

**تەوەرەکانی ئەزموونی شانۆییم وەک ئەوەی لە کۆڕی (ڕامان)دا باسم لێوە کرد:**

**١- تەوەری هونەری:** لەو تەوەرەیەدا وەک ڕێژیسۆر باسم لە ئەزموونی هونەری خۆم کرد.

تەوەرەکە لە دوو بەش پێکهاتبوو: نمایشە کوردییەکان و نمایشەکانم بە زمانی عەرەبی و سویدی و ئینگلیزی و ڕووسی. دیارە دامەزراندنی تیپی شانۆی ئارارات و نمایشەکانی ئارارات، بابەتی سەرەکی بەشە کوردییەکە بوو، کە دواتر لە کتێبی (ئەزموونی ڕێژیسۆرێک) بە تێروتەسەلی باسم کردووە، هەر لەو کۆڕەدا باسم لە بایەخی تیپی ئارارات و دامەزرێنەران و ئەکتەرە سەرەکییەکانی کرد، هەروەها باسم لە نمایشەکانی: «گێژەن» و «ڕووتبوونەوە» و «دوو پێغەمبەر» و «مەرگ و کچ»، بۆ منداڵانیش (گەلاوێژ و گورگ و نازە و ورچ و ترێ و شووشە) کرد، هەر لەم تەوەرەیەدا باسم لە پێگەی نمایشی «هەزار و یەک شەو» کرد و چەند دیمەنێکیمان لە سەر سکرین پیشان دا.

ئەوەی وەک ڕێژیسۆر ئاگاداری ڕەوتی هونەری و بنەمای ئیستێتیکی و تیۆری کارەکانم بێت، دەزانێت من لەو ڕێژیسۆرانەم کە لەسەر بناغەیەکی ئیستێتیکی دیاریکراو کاردەکەم، ئیستێتیکایەک پشت بە دەربڕینی جەستە و میتۆدی فیزیکی دەبەستێت، ئەم میتۆدەش لە سەر بناغەی ١- شانۆواندن ٢- شێوازگەرێتی ٣- مەرجەکی ٤- ڕیتم و میوزیک و گرۆتێسک دەبەستێت، تێنەگەیشتن و کەمیی شارەزایی لەم چەمکانە، زۆر جار دەبێتە مایەی بەدحاڵیبوون و چەواشەکاری لەلایەن ڕەخنەنووسانەوە.

لە کۆڕەکەدا هەوڵم دا، بەپێی توانایی و کات، بەکورتی ئەم چەمکانە ڕوون بکەمەوە و ڕاڤەیەک بۆ نمایشەکانی مەغریب وەک «ڕاشامون، خەونی نیوەشەوێکی هاوینە» و لە لەندەن (تەرتووف، سمووم)، لە ڕووسیاش (یاری بە ئاگر) بکەم.

**٢- خوێندنی ئەکادیمی:** لەم تەوەرەیەدا باسم لەو زانکۆیانە کرد، کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی تێیاندا پەرەم بە ئاستی تیۆری و زانیارییەکانم سەبارەت بە هونەری شانۆ داوە، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە، کە خوێندنی ئەکادیمی ڕاستەقینە لە کۆلێژ و پەیمانگە و زانکۆکاندا، بۆ دەرهێنەران چەند گرنگ و پێویستە، ڕەخنەم لەوەش گرت کە شانۆکارانی کورد لە هەندەران دەرفەتی باشیان بۆ ڕەخساوە تاکوو پەرە بە ئاستی ڕۆشنبیری و هونەرییان بدەن و بە بڕوانامەی ئەکادیمییەوە بگەڕێنەوە کوردستان و لە کۆلیژ و پەیمانگەکاندا ڕۆڵی داهێنەرانە و پەروەردەکارانەی خۆیان بگێڕن، بەڵام بەداخەوە ئەو شانۆکارانەی کە سوودیان لە بواری خوێندن وەرگرتووە، ژمارەیان زۆر کەمە.

لەم تەوەرەیەدا زۆر بە کورتی باسم لە پلەکانی خوێندنم، لە زانکۆی بەغدا و زانکۆی ستۆکهۆڵم و زانکۆی لەندەن و ئەکادیمیای شانۆ لە شاری پیتەربورگ کرد. باسم لەوە کرد، کە خوێندنم لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، بناغەیەکی باشی لە هونەری نواندن بۆ دروست کردم، دەتوانم بڵێم ئەو چوار ساڵە بەشێوەیەکی ورد، ئەوەندەی بۆم کرابێ، لە هونەری نواندن قووڵ بوومەتەوە، خۆشبەختانە بەر مامۆستایەکی کارامە و لێهاتووی هونەری نواندن کەوتم، ئەویش ئەکتەر و دەرهێنەری بەناوبانگی عێراق، دوکتۆر سامی

عەبدولحەمید بوو، کە هەرگیز لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنمان درێغی نەدەکرد. قووڵبونەوەم لە هونەری نواندن، بەتایبەتی لە قوتابخانەی ستانیسلاڤسکی و برێشت بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ بوو کە باوەڕم نەدەکرد لە ئاییندەیکی نزیکدا، بۆ دەرهێنانی شانۆیی، دەست لە نواندن هەڵبگرم.

لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، سوودم لە تیۆرییەکانی شیکردنەوەی دەق و نمایش وەرگرت، لە کۆلێژی گۆڵدسمیس لە زانکۆی لەندەن، کە تێیدا بڕوانامەی ماستەرم لە دەرهێنانی شانۆیی بەدەست هێنا، باشتر ئاشنای ڕەگەزەکانی هونەری دەرهێنانی شانۆیی بووم، ڕاستییەکەی گۆڵدسمیس ڕێگەی بۆ خۆش کردم کە بۆ یەکەم جار لە باشترین و بەناوبانگترین کۆلێژەکانی بەریتانیا، وەک ڕادا، ڕامدا، سکاربرو، تاد.. وۆرکشۆپ و خولی ڕاهێنان ساز بکەم، بەڵام خوێندنم لە ئەکادیمیای شانۆ لە پیتەربورگ، بە گرنگترین و دەوڵەمەندترین قۆناغی ژیانی هونەریم دادەنێم، کە ئەو قۆناغەیە دوکتۆرانامەکەم دەربارەی ڕیژیسۆری مەزن مییرهولد نووسی. ساڵانی خوێندنم لە ڕووسیا دیدگا و تێڕوانینی منی لە زۆر ڕووەوە دەوڵەمەندتر کرد، کەرەستە هونەرییەکانی پیشەی ڕیژیسۆریمی بەهێزتر کرد، متمانەی ئەوەی لەلام دروست کرد کە پشتم بەمیتۆدێکی جیهانی قایمە و دەتوانم شانبەشانی هەر دەرهێنەرێک، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت کار بکەم. ڕووسیا بەلای منەوە، منێک کە لە چەندان وڵاتدا قوتابی شانۆ بووم و لە چەندان وڵاتدا کارم کردووە، هاوکات مەشق و ڕاهێنانم کردووە، بەڵام لە بواری خوێندن و پەروەردە و پێگەیاندنی شانۆکاردا هیچ یەکێک لەو وڵاتانە ناگەنە ڕووسیا. نووسینەکانم سەبارەت بە شانۆ بەگشتی بە زمانی کوردی و عەرەبین، لە نەوەتەکانەوە لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەکانی وەک (الشرق الأوسط) و (الحیاة) و (الزمان) و (القدس)، نووسینم بڵاو کراوەتەوە، ئەمە جگە لە گۆڤارەکانی تایبەت بە شانۆ.

نووسینەکانم بە زمانی کوردی، بەدەگمەن نەبێت، دەنا تەنیا لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کردووەتەوە، گۆڤاری ڕامان زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە، تاکە دەلاقە و پەنجەرەیە بۆ شانۆی کوردی. هاوڕێی نووسەر و ئەدیبم ئازاد عەبدولواحید هەر لە سەرەتاوە بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانم لە گۆڤاری (ڕامان) دا هاندەرم بووە. ڕاستییەکەی بەبێ پێداگری و هاندانی ئەو، کە بەردەوام پێی وتووم بنووسم و بابەتەکانمی دەربارەی شانۆ لە (ڕامان) دا بڵاو کردووەتەوە، ئەو نەبوایە لەوانەیە نووسینەکانم نەهاتبانە بەرهەم. لەکاتی نووسین و بەردەوام بوون لە سەر نووسین، گەلێک جار وەڕسبوون و خەمساردی دایدەگرتم، بەڵام کاک ئازاد عەبدولواحید دیسانەوە هانی دەدام بەردەوام بم، خۆشبەختانە زۆربەی وتارەکانی گۆڤاری (ڕامان)م دواجار بوون بە کتێب.

بایەخێکی تری گۆڤاری ڕامان بۆ من، لەوەدایە کە لە وتارەکانمدا گەلێک دەستەواژە و تێرم و زاراوەی شانۆییم، بۆ یەکەم جار هێنایە ناو ئەدەبیاتی شانۆی کوردییەوە، وەک چۆن لە کۆڕەکەی بەغدای ساڵی ۱۹۷۳ بۆ یەکەم جار تێرمی شانۆی ئەبسیورد- لامەعقوول و نووسەرانی ئەو ڕێبازە: بیکێت و یونسکۆ و جان جینیە و هارۆڵد پنتەرم هێنایە کایەوە، بە هەمان شێوە لە ڕووی تێرمینەلۆژی و زاراوەسازییەوە، بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (ڕامان)دا ئەم تێرمانەم هێنایە ناو ئەدەبیاتی شانۆی کوردییەوە: سینۆگرافیا،

دراماتورگـی، گرۆتیسـک، میزانسـێن، بیومیکانیـک، شـێوازگەرێتی، مەرجەکـی، پلاسـتیکا، دوا تێرمیـش کـە بـۆ زاراوەی ئیرتیجـال بـەکارم هێنـا و ئێسـتا زۆر بـەکار دەبـرێ، تێرمـی (ئمپرۆ)یـە. بڵاوبوونـەوە و بەکاربردنـی ئـەم تێرمانـە بـۆ یەکـەم جـار چەنـد بـۆ مـن دەگەڕێنـەوە، ئەوەنـدەش هونەرەکـەی بـۆ گۆڤـاری ڕامـان دەگەڕێتـەوە، کـە هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە پەنجەرەیەکـی واڵا بـووە بـۆ پەخشـکردن و بڵاوبوونـەوەی ئەدەبیاتـی شـانۆیی، ڕاستییەکەی وای پێویست دەکرد شـانۆی کـوردی، گۆڤارێکـی ئەکادیمـی شـانۆیی هەبێـت، بـەڵام لـە نەبوونـی گۆڤارێکـی لـەو چەشـنەدا، خۆشـبەختانە گۆڤـاری ڕامـان ئـەو کەلێنـەی پـڕ کردووەتـەوە.

**٣- مەشـق و ڕاهێنـان:** ئـەم تەوەرەیـە، ئەزموونەکانم وەک ڕاهێنـەر و مامۆسـتا دەگرێتـەوە، کـە وەک ڕاهێنـەر، هـەر لـە سـەرەتاوە، قوتابیانـی شـانۆ، ئەکتـەر و دەرهێنەرانـم، لـە چەنـدان کۆلێـژ و زانکـۆ و پەیمانگـەی شـانۆ، لـە سـەر میتـۆدی بیومیکانیـک و قوتابخانـەی مییرهولـد ڕاهێنـاوە، ئـەو وڵاتانـەی کـە وەک ڕاهێنـەر خـول و وۆرکشـۆپم تێیانـدا کردووەتـەوە: کوردسـتان و سـوێد و فینلانـد و بەریتانیـا و ئیتاڵیـا و مەغریـب و توونـس و کوەیـت و ئیمـارات و بەحرێـن و ئـوردون و لبنـان، بێجگـە لـە وانەگوتنـەوە و کـۆڕ و سـیمینار دەربـارەی ئەدەبیاتـی شـانۆ و ڕێبازەکانـی بەگشـتی.

کۆڕەکانـم، بەتایبەتـی لـە وڵاتـە عەرەبییەکانـدا، لـە چوارچێوەی کۆنفرانس و سیمپۆزیۆم و فیستیڤاڵەکاندا، بایەخـی چاکیـان پـێ دراوە و هەمیشـە کاردانـەوە و فیدباکی باشـیان لـێ کەوتووەتـەوە

**٤- تـەوەری بینینـی نمایشـی گـەورە ڕێژیسـۆرانی جیهـان:** بینینـی نمایـش لـە ئەزموونـی شـانۆییمدا پێگەیەکـی گرنـگ و بایەخـداری هەیـە، بەرهەمەکانی دەرهێنـەرە مەزنەکانـی ئەورووپـا و ئاسـیا و هەندێکیـش لـە دەرهێنەرانـی وڵاتـە عەرەبییـەکان، بـۆ مـن دەروازەیەکـی گـەورەن لـە پرۆسـەی زانسـتخوازیمدا وەک ڕێژیسـۆر و توێـژەر.

ڕاسـتە ژیانـی دەربـەدەری و ئاوارەیـی لایەنـی تـاڵ و دژواری زۆرن، بـەڵام لـە ڕوویەکـی تـرەوە بـواری بـۆ ڕەخسـاندم، کـە لـە نزیکـەوە ئاشـنای ئەزموونـی چەنـدان ڕێژیسـۆری گـەورەی جیهـان بـم و سـوودیان لـێ وەرگـرم و لـەو ڕێگایـەوە دیدگـە و ڕوانگـەی هونەریـم قووڵتـر و فراوانتـر بکـەم، لـەو ڕێژیسـۆرانە: لـە ڕووسـیا (جۆرجیـۆ تۆڤسـتۆنۆگۆڤ Georgy Tovstonogov، لێـڤ دودن Lev Dodin، ئەناتۆلـی ڤاسـیلییڤ Anatoly Vasiliev، مـارک زاخـارۆڤ Mark Zakharov) لـە بەریتانیـا (پیتـەر بـروک Peter Brook، سایمۆن مکبێری Simon McBurney، کەیـت میشـێل Katie Mitchell)، ئەمریـکا (ڕۆبێـرت ولسـۆن Robert Wilson)، کەنـەدا (ڕۆبێـرت لێپـاژ Robert Lepage)، ئیتاڵیـا (جۆرجیـۆ ستریهلەر Girgio Strehler، یوجینـۆ باربـا Eugenio Barba).